**مه زهەری خالقی بۆگەڕاوەتەوە ؟          ع. عابدی**

من بەرلەوەی كە ویزەویز و لە بەرخۆوە گۆرانی كوتن فێربم خولیای دەنگی هونەرمەندی دەنگ خۆشی خاوەن قوتابخانە و ڕێچكە مه زهەری خالقی بووم.

دواتر كە خۆم ناسی و لە مانای گریان گەیشتم بنێشتە خۆشەی  ژێرزمانم ئەوە بووكە دەنگی مه زهه ر (ئاباقر) ئە لبۆمی كچانە . ئێستاش كە تەمەنم لە سی بە رەو ژوورەو بە رە بەنی و زگورتی دە ژیم تە نیا دە نگێك كە بۆمن(ئەلبۆمی دە نگانە) وموچڕكم پێ دادێنێ لەرەی دەنگی خالقییەوتاكاتێ ئەوین وخۆشەویستی لەلام بمێنێ كە پێم وایە تائەوەدەمەیە وا دەمبەن بۆگوێی قە برێ هەرلە سە ر ئەوبروایەم كە ئازاد دلزار وتەنی  دەنگی خەنجەرێكە دلدارەكان زمانی بەكرە شۆفاری پێ لەت دەكەن .

ئەوانەی لە سەرەوە وتم نە پاكانەیە  و نە پاساكردنە بۆئەوەی  دەمەوێ ئێستا باسی بكەم.  شەوی سێ شەممە لەسەرچوارشەممە (١٩ی  ئۆكتوبە ر) بەرنامەی ئاوێنەی كوردسات تەرخان درابوو بۆ ئەو هونەرمەندە دەنگ خۆشە ناسراوە.

ئەزیش وەك هۆگرێكی دەنگی مەزهەر  بە تامەزرۆییەوە بینەری ئەوبەرنامەیە بووم، سەرەتا گلەییم لە بەرێوەبەرایەتی كوردسات و ستافی بەرنامەی باسكراوە كە نە ژمارەكانی پێوەندی كردن بە بەرنامەوە دەنووسن نە ولامی  تەلەفوونی ئەوانەش دەدەنەوە كە رەقمەكە بە چەرمەسەرییەكی زۆرلەم و لەو وەردەگرن.

بەرنامەیەكی راستەوخۆ كە بڕیارە بینەر تێیدا  بەشداربێت دەبێ كراوە بێت و پێویستی بە واسیتە و (كاكەوبراولەكردن نەبێ) من ئەوشەوە پەنجەم بە جەمام كەوت لێ كەس بیستۆكەكەی بەرز نەكردەوە. جابا بچینە سەر رەخنەكانم لە هونەرمەندی مەزن مەزهەری خالقی، ئەز ئێستاوئێستاش نەمزانی كە ئەوبەرێزە لەبەر چی بۆخۆی لە بەرنامەكەدا بەشدار نەبوو منەتی لە سەر بینەران داناوبە تەلەفوون چە ن خولەكێك قسەی كرد. ئەو كە ، هەلبەت (حەمە رەسوول – هاوار- ) دەلێ دوژمن پێی خۆش بێ یان پێی ناخۆش بێ ...... دەگەرێمەوە ،بلێی مەبەستی لەدۆژمن ئەوانە نەبێ كە كاتی خۆی ئەویان كردبوە سەرۆك وبەرپرسی رادیوكوردی. باشە ئەو بەرێزە پێم نالێ

گەراوەتەوە کە چی بکا؟ هاتوەتەوە کە دەست بنێتە کەلەکەی و کورد وتەنی قولفەگۆزە دروست بکاو خۆی لە هەموو هونەرمەندان بەسەرتر ومەزنتر بزانێ.
بەرنامەیەك کەبۆ رێزنان لەو و لەشاری سلێمانی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئە و بەرێزە سازدراوە بۆ  دەبێ بۆخۆی بەشداری تێدا نەکات و پێشکەشکاری بەرنامە ناچاربێ عوزروبیانووی نابەدلی بۆ بێنێتەوە.
بۆ مەگەرفارس وتەنی لەلووتی فیل بەر بووەتەوە؟ خوانەخواستە ئەگەرلە نەخوشخانەش بوایەوبە لۆکە ئاویان بتکاندایەتەدەمی نەهاتنەکەی پاسانەدەدرایەوە.دەردی خۆبەزل زانی و بەرزەدەماخی و فیزونازکردن تائێستا زۆر کەسی خۆشەویستی قیزەون کردووە و لە بەرچاوی خستوون.دەستەواژەی (لن ترانی) تائێستا هەرلە ولامی مووسادا وتراوە.
بابەتێکی ترکەمن بەش بەحالی خۆم زۆربە گرینگی دەزانم قسەکردن لەسەرگۆرانی بەناوبانگی (شیرین تەشی دەرێسێ) یە کەیەکێ لەباشترین و ناسراوترین گۆرانییەکانی خالقییە.ئاوازی ئەو گۆرانییە هی وەفایی شاعیربۆخۆیەتی و ئەوشیعرەش کە خالقی لەو گۆرانییە دەیلێ بەشێکی زۆری هی مامۆستا سەیدئیبراهیمی ستوودەیە کە بەرەوپێشوازچوون وتەخمیسی شیعرەکەی وەفایی یە.کاتێك کە مامۆستا ستوودە و بەرێز خالقی لە رادیو کوردی پێکەوەهاوکاربوون ئەو شیعرە نووسراوە، کە چی مخابن نەدوای ناساندنی ئە و  گۆرانییە لەوبەرنامەیە دا و نە لە رابردووشدا ئاماژە بەو بابەتە نەکراوە. تۆبلێی هۆی ئەو دەرنەکەوتن وئینجە وفینجە کردنانە ئەوە نەبێ کەئەوبەرێزە خۆشکی خوالێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی دەباغەل دایە ، بەلام من بەش بە حالی خۆم بەدووری دەزانم ،خۆئەگەروابێ مام جەلال لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد نزیکترە وکوردیەکەشی رەوانترە ئەی بوقەت واناکا؟!
ع. عابدی — ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤